
# ئەو كچەی بە خۆشەویستە ڕاستەقینەكەی ناگا

## بەسەرهاتی كچێك لەسەر زاری هاوڕێیەكیەوە

ئا :ئاسودە سەباح
گێڕانەوەی : ئەڤین قادر


هەڵڕشتنی فرمێسك بۆ خۆشەویستییێكی ناكام

بەسەرهاتی كچێكی هەتیوو و نەگەیشتن بە خۆشەویستە ڕاستەقینەكەی لە بەدوادچوونێكی گۆڤاری كوێستاندا دەخرێتەڕوو، چیرۆكە پڕ لە تراژیدیاكەی ئاشكرا دەكرێت كە ژیانی ڕۆژانەی پڕ بووە لە تراژیدیاو یادەوەری ناخۆش‌و بێدەنگكردن‌و تێهەڵدان..هتد لەلایەن باوك‌و زڕ دایكەكەیەوە، ئەم كچە ناوی (ساكار) بووە، لەرێی هاوڕێكەیەوە كە ناوی (ئەڤین قادر)ە، بەسەرهاتی ئەو كچەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەڤین قادر دەڵێت:" ساكار كچێكی تاقانەی تازە پێگەیشتووی بێ خوشك‌و برا بوو، لە تەمەنی هەرزەكاریشدا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە دایكی دەمرێت، دوای ماوەیەك باوكی ژنی دووەمی دێنێتەوە، سەرباری ئەو هەموو ناخۆشیانەی بەسەر ماڵەكەیاندا هاتبوو، ساكار پشت گوێخرابوو لەدەربڕینی هەستی خۆشەویستی لەلایەن دایك‌و باوكیەوە.! ئەمەش وا دەكات بۆشاییەك لە دڵیدا دروست بێت.

### ساكار دەكەوێتەوە داوی خۆشەویستی وریا

ئەڤین لەسەر گێڕانەوەكەی بەردەوام دەبێت‌و ئاماژە بەوە دەكات كە بەهۆی هەبوونی بۆشایی خۆشەویستی لەدڵی ساكار لەسەردانی ماڵی پووریاندا خۆشەویستی وریای كوڕە پوری دەكەوێتە دڵیەوەو دەڵێت:" ماڵی پووری كە دەكاتە (خوشكی دایكی ساكار) دێن بۆ سەردانی ماڵیان، كوڕە پورەكەشی كە ناوی (وریا)یە، لەگەڵیان دەبێت لەم كاتەدا یەكەمین چركەساتی تەماشاكردنی ساكار بۆ وریا سۆزی خۆشەویستی ئەو كاریگەری دروست دەكات‌و دەكەوێتە داوی وریاوە، بەڵام ساكار تا بڵێی كچێكی زۆر شەرمن بوو، دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەكەی زۆر لا قورس بوو، چونكە باوك‌و زڕدایكەكەی بەسەریەوە چاودێر بوون. هەتا نەیدەتوانی قسەیەك لەگەڵ كەسە هەرە نزیكەكانیشیدا بكات."

### دركاندنی خۆشەویستی

ئەڤین باسی ئەو ڕۆژە دەكات كە ساكار بۆی گێڕاوەتەوە كە لەرۆژێكی وەرزی بەهاردا وریای كوڕە پوری خۆشەویستی خۆی بۆ دەدركێنێت‌و دەڵێت:" لە ڕۆژێكی وەرزی بەهاردا ماڵی وریاو ساكار بەیەكەوە چوون بۆ سەیران، بەمەش دەرفەتێك بۆ هەردووكیان دروست دەبێت‌و وریا پێی دەڵێت:" من تۆم خۆش دەوێت، پێویستە ئەو خۆشەویستیە تاك لایەنە

ئەمێنیت لە نێوانماندا، لە ئەنجامدا هەردووکیان رازی دەبن، ئەمەش کاتێکی باشبوو کە رازی دڵەکانیان بگۆڕنەوەو بەیەکتری رازی بن."

## وریا دەچێتە ماڵی ساکار

ئەڤین باسی ئەوە دەکات کە لە دوای سەیرانی بەهارەکە بە چەند هەفتەیەك وریا دەچێتە ماڵی خۆشەویستەکەی‌و دەڵێت:" لەدوای بەسەرچوونی چەند هەفتەیەك رۆژێکیان وریا دەچێتە ماڵی ساکار، ئەم جارەیان جیاوازتر لە هەموو جارانی پێشووتر(ساکار) بەشەوق‌و دڵێکی پڕ لە شەوق‌و خۆشەویستیەوە بەخێرهاتنی دەکات، پاش چەند خولەکێك پێکەوە قسەدەکەن لەبارەی ئەو خۆشەویستیە تازەیان‌و باس لەدوا رۆژی ژیانیان دەکەن، بەڵام کاتێك (زڕدایکەکەی) بەوە دەزانێت کە باسی خۆشەویستی خۆیان دەکەن‌و هیچ قسەیەك ناکات تا ئێوارە باوکی دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

## زڕدایکەکە شکات لەکچە دەکات

ئەڤین لەبەردەوامی گێڕانەوەی بەسەر هاتی ئەو کچە هاورێیەی دەڵێت:" کاتێك باوکی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە زڕدایکەکەی پێیدەڵێت: کچەکەت خۆشەویستی لەگەڵ کوڕە پوری دەکات، ئەمڕۆ بەتەنیا لە ژوورەوە دانیشتبوون باسی خۆشەویستی خۆیان دەکرد، ئەوەی منیش بزانم بۆ رابواردنیەتی نەك مارەی بکات.؟ئەم کوڕە بۆ چەند رۆژێکیشە سەری لێرە نەبڕیوە، پێویستە چارەسەری ئەم کارە بکەیت، بەمەش باوکی ساکار زۆر تووڕەیی دایدەگرێت‌و یەکسەر بانگی دەکات‌و پێیدەڵێت:" نابێت بە هیچ شێوەیەك وریا بێتە ئێرە، تۆش نابێت بچێتە ماڵی ئەوان! نابێ تۆش شوو بە ئەو بکەیت! لەوەڵامی قسەکانی باوکیدا ساکار دەڵێت:" بۆ من چیم کردووە؟ تەنیا بەخێرهاتنم کردووە! ئەحواڵی ماڵەوەیانم پرسیووە، راستە ئەو منی خۆش دەوێت، ئەگەر برواش دەکەیت لەم رۆژانەدا دێتە خوازبێنیم." بەڵام ئەو قسانەی(ساکار) هیچ دادی نادات، ئەم بڕیارەی باوکیشی لە ژێرەوە ئامانجی راونانی(ساکار) بووە کە ماڵەوە بەجێ بهێڵێت، کە نەخشەکەی لەلایەن زڕدایکەکەیەوە دارێژرابوو."

## ساکار داوای خوازبێنی لەماڵی پوری دەکات

پاش ئەم قسە توندانەی باوکی، ساکار داوای خوازبێنی لەماڵی پوری دەکات‌و ئەڤین دەگێڕێتەوەو دەڵێت:" ساکار پاش ئەم قسە توندانەی باوکی ئاگاداری وریای خۆشەویستی دەکاتەوە کە شتێکی وا رویداوە بە زووترین کات دەبێ بێت بۆ خوازبێنم، بەڵکو باوکم رازی دەبێت لە کۆڵ ئەو ناخۆشیانەی ماڵەوە دەبمەوە، ئەوە بوو ماڵی(وریا)لە ئێوارەیەکدا دەچن بۆماڵی( ساکار) بەمەبەستی خوازبێنی کردنی بۆ کوڕەکەیان، دواتر بە باوکی دەڵێن بۆ کارێکی وا هاتووین، پێمان باشە ئەو کچە بدەیتە کوڕەکەمان، دایکی خۆی نەماوەو لە سەرێکی تریشدا خزمایەتیمان بەهێزتر دەمێنێتەوە، بەڵام باوکی رازی نابێت، ئەم جارەشیان بڕیارێکی قورستر دەدات‌و پێیان دەڵێت:" بەهیچ شێوەیەك نابێت کچەکەم لەوماڵەدا لەکوڕەکەی ئێوەدا مارە بکرێت، ئاهەنگی بووك گواستنەوەی بۆبکرێت، بەمەشەوە هیچ رێگایەکی لەبەردەم ئەم کوڕو کچە نەهێشتەوە بۆ ئەوەی بگەن بەیەکتری."

## ساکار نەخۆش دەبێ‌و لەماڵ دەردەکرێت

ئەڤین هاورێی ئەوەی گێڕایەوە کە رۆژێکیان ئاگادار کرامەوە لەلایەن ساکار بۆ ئەوەی لەگەڵی بچم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام زۆر بەداخەوە لەبەر ئەوەی کاری زۆری ماڵەوەم هەبوو بەتەنیا چوو دەڵێت:" ساکار نەخۆش دەبێ‌و دەچێتە نەخۆشخانە، خەم‌وخەفەت دڵی داگرتووە، کەمێك دوائەکەوێت لە هاتنەوەی بۆ ماڵ کە دێتەوە بیانوویەکی بۆهەڵدەبەسترێت لەلایەن زڕدایکەکەیەوە، جارێکیتر بەباوکی دەڵێت:" دیسان کچەکەت لەگەڵ(وریا)چۆتە پیاسە کردنەوە بەناوی نەخۆشی" لەدوای ئەمەدا زیاتر باوکی کچە هەراسانتر دەبێ‌و کەچی لەواقیعیشدا وانییە، ئەو هەڵبەستراوەی باوەژنەکە، ساکار خەونی پێوە ئەبینی کە رۆژگارێك بەیەکەوە بن لە شوێنێکی وا کە رازی دڵی خۆیان بگۆڕنەوە، بۆئەوەی ماڵ بەدەر بکرێت، لە ئەنجامدا باوکی پێی ئەڵێت:" من لە مێژە وتوومە تۆو ئەو کوڕە نابێت بۆ یەکتری بن ئەگەر وابێ بەردەوامبی لەسەر ئەوکارانە، ئەوا دەبێت ئەوماڵە بەجێ بهێڵێت" ئەڤین بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکردنی‌و وتی:" دوای ئەمە ساکار ماڵی باوکی بەجێدەهێڵێ کەزمانی خوشەویستی، لەبەدیلیدا زمانی هەڕەشەو لێدان بالادەستەو راستەوخۆ دەچێتە ماڵی نەنکی"

## لەماڵی نەنکی مارەبڕی دەکرێت

دوای ئەوەی دەچێتە ماڵی نەنکی ماڵی پووریشی دەزانن‌و دەچنە لای(ساکار) بۆ ئەوەی بچێتە ماڵی ئەوان، بەڵام رازی نابێت. پاش چەند هەفتەیەك دەچن مارەبڕی دەکەن بۆ وریا، دواتر ئاهەنگی بوك گواستنەوەی بۆ سازدەکەن، لەماڵی پوری ژیانی ژن‌و مێردایەتی دەست پێدەکات.

## دیسان دڵپیسی دەستپێدەکاتەوە

ئەڤین دەڵێت کە زانیم ساکاری هاورێم گوزاروەتەوەو بووە بەخێزانی وریا زۆر دڵخۆش بووم‌و پاش هەفتەیەك سەردانیکم کرد‌و لەوێشدا دوای قسەکانی ئەو تووشی سەر سوڕمان بووم، چونکە دەیگێڕایەوە ماڵی پوری دەستیان کردووە بەدڵپیسی لێی، رۆژانە چەندان قسەم بۆ هەڵدەبەستن‌و پێم دەڵێن:" مەچۆرە بازار، نەخۆشخانە، ماڵی خزمەکان‌و هاورێکانت، چەندان شتی تریش لە بەردەمم دەکەنە ئاستەنگ" ئەم کارەی ماڵی پوری ساکار لە دوا ساتەکانی ژیان نزیکی دەکاتەوە، (ساکار) گلەیی دەکات لە لای (وریا) لە دایك‌و خوشکەکانی کە دڵ پیسی لێدەکەن. کەچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە یاخود جیاببنەوەو ماڵێك بۆخۆیان پێکەوە بنێن، بەڵام وریا هەر رازی نابێت‌و بە وریا دەڵێت:" ئەوە پەیمانی خۆشەویستی ئێمەبوو، بۆچی لە پێشدا بە منت نەئەوت کە ماڵەوەمان بەو شێوەیە رەفتار دەکەن، هەروەها ئێوە ئەوەندە بۆ من پەرۆش بوون، بۆ ئەمڕۆ واخراپن لەگەڵمدا، قسەی دایك‌و خوشکەکانت هیچ پەیوەندیان بەژیانی من‌و تۆوە نییە، بەڵکوئەمانە تێکدەری ژیانی ئێمەن"

## نەمانی هیچ رێگا چارەیەك بۆ ژیان

پاش ساڵێك لە ژیانی هاوسەرایەتی کە بەرامبەرەکانی زۆرترین دڵرەقی‌و بێویژدانی‌و بوختان بەرکادەهێنن، ساکار هیچ رێگاچارەیەکی بۆ نامنێتەوەو ئەڤین دەگێڕێتەوەو باس لەدوا ساتەکانی ژیانی ساکاردەکات‌و دەڵێت:" پاش ئەم هەموو دەردەسەریە ساکار هیچ رێگا چارەی نەمابوو پەنای بۆ بەرێت، لەوکاتەشدا (نەنکی)پێش چەند مانگێك مردبوو، هەروەها نەیدەتوانی بچێتە ماڵی مامەکانی، چونکە باوکی بڕیاری ئەوەی دابوو هەر لەسەرەتاوە نەچێتە ئەوێ‌و دەربکرێت، لەبەر ئەوە ساکار هەڵدەستێت پەنا بۆ یەك گوللە دەمانچە دەبات‌و بەسەری خۆیەوە دەنێت‌و دەمرێ" لەدوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا هاورێکەی چەندە خەمی دەخوارد، ئەوەندەش فرمێسکی هەڵدەڕشت بۆ ساکاری هاورێی کە لەژیانیدا نەیتوانی چرکە ساتێك خۆشەویستی دایك، باوك‌و مێردەکەی دەست بکەوێت، تەنیا گوللە بەدیلی بوو.